سونەتە ئەگەر بانگبێژ لە نوێژی بەیانیدا بڵێت: (حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ)^ -پاش ئەوە- بڵێت: (الصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «سونەتە ئەگەر بانگبێژ لە نوێژی بەیانیدا بڵێت: (حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ)^ -پاش ئەوە- بڵێت: (الصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ)^^». ^(واتە: پەلە بکەن بەرەو سەرکەوتن)، ^^(نوێژکردن خێرترە لە خەوتن)

[سەحیح - ڕاست)] [رواه ابن خزيمة والدارقطني والبيهقي)]

ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە بۆمان کە یەکێك لەو شتانەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕازی بووە لەسەر ووتنی ئەوەیە: بانگبێژ بە تایبەت لە نوێژی بەیانیدا لە پاش ووتنی: (حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ)*؛ بڵێت: (الصَّلَاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ)**. *(واتە: پەلە بکەن بەرەو سەرکەوتن)، **(نوێژکردن خێرترە لە خەوتن)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10616